**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە : ٥٦٢٣/٩ لە ٢٠١٥/٣/١٨**

لەبەر ڕۆشنایی برگەی ( ١/ تەوەرەی چوارەم / کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا ) لەسەر کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٤)ی ئەنجومەنی وەزارەت لەرێکەوتی (٢٠١٥/٢/٢٢) ئەنجام درابوو،بریاردرا بە دەرکردنی رێنمایی خوێندنی دکتۆرا لەزانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و گەشەپێدانی زیاتری خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی رێنمایی خوێندنی دکتۆرا دەردەکات ، ئامانج لەم رێنماییە بریتییە لە ڕەخساندنی هەڵی خوێندنی دکتۆرا بەرەچاوکردنی پرۆسەی بەرز ڕاگرتنی کوالێتی خوێندن و توێژینەوەی زانستی .

**ڕێنمایی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٥**

**ڕێنمایی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان**

**یەکەم:** مەرج و رێنماییەکانی (خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان) و ڕێکخستنی پێشبڕکێ لە نێوان پێشکەشکاران و پێوەرەکانی سیستمی ریزبەندی بەپێی ڕێژەی خاڵ

١- تێکڕای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆس و ماستەر:

أ- تێکرای نمرەی (٦٠٪) بۆ هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس مەرجە بۆ پێشکەش کردن (جگە لە دەرچووانی کۆلێژەکانی پزیشکی و پزیشکی ددان و دەرمانسازی، کە رەچاوی تێکڕای کۆنمرە ناکرێت) ، بۆیە تێکڕای نمرەی (٦٠٪) هیچ خاڵ وەرناگرێت واتە (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بەزیادبوونی هەر نمرەیەك یەك خاڵی بۆ زیاد دەکرێت ( بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکار تێکڕای نمرەکەی (٦٥٪) شەست و پێنج بوو ئەوا (٥) پێنج خاڵ وەردەگرێت).

ب- تێکڕای نمرەی ماستەر (٧٠٪) پێویستە بۆ پێشکەشکردن ، بۆیە ئەو کۆنمرەیە هیچ خاڵ وەرناگرێت، واتە (٠) سفر (خاڵ) ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەك یەك خاڵی بۆ زیاد دەکرێت (بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکار تێکڕای نمرەکەی (٧٥٪) حەفتاو پێنج بوو ئەوا (٥) پێنج خاڵ وەردەگرێت. دواتر هەردوو خاڵی تێکڕای نمرەی بەکالۆریۆس لەگەڵ تێکڕای نمرەی ماستەر کۆدەکرێتەوە و دەبێتە خاڵی کۆکراوەی تێکڕای نمرەی پێشکەشکار.

تێبینی/ لەو حاڵەتەدا کە نیو نمرە یان زیاتر بێ بە نمرەی تەواو ئەژمار دەکرێت و لە نیو کەمتر لادەدرێت.

٢- مەرجی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی لە کاتی پێشکەشکردن:

أ- کەمترین ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی کە مەرجە بۆ پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا/ دکتۆرا، بەم شێوەیەیە کە لە خشتەی خوارەوەدا هاتووە، پێشکەشکار بۆ هەر یەکێك لەو ئاستانە (٥) پێنج خاڵ وەردەگرێت، کە نزمترین ئاستی دەرچوونە و بە زیادبوونی هەر (٠,٥) نیو نمرەی ئایلتس و بەرامبەرەکانی لە تاقیکردنەوەکانی تر (٢) دوو خاڵی تری بۆ زیاد دەکرێت، وەکو لەم خشتەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

| بواری خویندن | جۆری تاقیکردنەوە | | | | وەرگرتنی خاڵ بۆ هەر یەکێك لە تاقیکردنەوەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| | IELTS | TOEFL (IBT) | TOEFL ( PBT ) | Pearson Academic ( PTE ) | |
| زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکی و پزیشکیەکان (العلوم الصرفة والطبیعیة والتطبیقیة والطبیة) | ٤ | ٤٠ | ٤٥٠ | ٣٦ | ٥ |
| | ٤,٥ | ٤٨ | ٤٧٣ | ٤١ | ٧ |
| | ٥ | ٥٦ | ٤٩٥ | ٤٧ | ٩ |
| | ٥,٥ | ٦٤ | ٥١٨ | ٥٢ | ١١ |
| | ٦ | ٧٢ | ٥٤١ | ٥٨ | ١٣ |
| | ٦,٥ | ٨٠ | ٥٦٤ | ٦٣ | ١٥ |
| | ٧ | ٨٨ | ٥٨٦ | ٦٨ | ١٧ |
| | ٧,٥ | ٩٦ | ٦٠٩ | ٧٤ | ١٩ |
| | ٨ | ١٠٤ | ٦٣٢ | ٧٩ | ٢١ |
| | ٨,٥ | ١١٢ | ٦٥٤ | ٨٥ | ٢٣ |
| | ٩ | ١٢٠ | ٦٧٧ | ٩٠ | ٢٥ |
| زانستە مرۆڤایەتییەکان | ٣,٥ | ٣٢ | ٤٢٧ | ٣٢ | ٥ |
| | ٤ | ٤٠ | ٤٥٠ | ٣٦ | ٧ |
| | ٤,٥ | ٤٨ | ٤٧٣ | ٤١ | ٩ |
| | ٥ | ٥٦ | ٤٩٥ | ٤٧ | ١١ |
| | ٥,٥ | ٦٤ | ٥١٨ | ٥٢ | ١٣ |
| | ٦ | ٧٢ | ٥٤١ | ٥٨ | ١٥ |
| | ٦,٥ | ٨٠ | ٥٦٤ | ٦٣ | ١٧ |
| | ٧ | ٨٨ | ٥٨٦ | ٦٨ | ١٩ |
| | ٧,٥ | ٩٦ | ٦٠٩ | ٧٤ | ٢١ |
| | ٨ | ١٠٤ | ٦٣٢ | ٧٩ | ٢٣ |
| | ٨,٥ | ١١٢ | ٦٥٤ | ٨٥ | ٢٥ |
| | ٩ | ١٢٠ | ٦٧٧ | ٩٠ | ٢٧ |

ب- ئەگەر پێشکەشکار بڕوانامەی سێنتەری زمانی ئینگلیزی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستانی بەدەست هێنابێت و لە خولەکەدا دەرچووبێت ئەوا (٥) پێنج خاڵی پێدەدرێت.

ج- پێش تەواوکردنی خوێندنی دکتۆرا بۆ یەکەم خولی خوێندنی دکتۆرا و بەر لە تاوتوێکردنی تێزی دکتۆراکە، پێویستە قوتابی/ خوێندکاری دکتۆرا ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی بەرزبکاتەوە بۆ (٥)ی پێنچی ئایلتس و بەرامبەرەکانی بۆ بواری (زانستە مرۆڤایەتیەکان)و(٦)ی شەشی ئایلتس وبەرامبەرەکانی بۆبواری(زانستە پەتی و سروشتی وتەتبیقی و پزیشکیەکان).پێچەوانەوە تاوتوێکردنی تێزەکەی ئەنجام نادرێت تاجێبەجێکردنی ئەم مەرجە لەماوەی یاسایی خوێندنی دکتۆراکەی

د- ئەو کاندیدانەی کە خولی زمانی ئینگلیزیان لە سێنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بینیوە ئەوا بەشداریکردنیان لەو خولانە هاوتا دەکرێت بە کەمترین نمرەی پێویست بۆ پێشکەشکردن بۆ خوێندنی دکتۆرا واتە هاوتا دەکرێت بە (٤) چواری تاقیکردنەوەی IELTS بۆ پسپۆڕییە زانستییەکان و (٣,٥) سێ و نیوی نمرەی تاقیکردنەوەی IELTS بۆ پسپۆڕییە مرۆڤایەتییەکان، بەهەمان شێوە بەر لە تەواوکردنی خوێندنی دکتۆرا پێویستە یەکێك لە تاقیکردنەوە ستاندارەکانی توانستی زمانی ئینگلیزی ( TOEFL-IBT, TOEFL-PBT, IELTS, PEARSON Academic-PTE ) ئەنجام بدەن و بۆ بواری (زانستە مرۆڤایەتیەکان) ئاستیان بەرزبکاتەوە بۆ (٥) پێنچی ئایلتس و بەرامبەرەکانی، بۆ بواری ( زانستە پەتی و سروشتی وتەتبیقی و پزیشکیەکان) (٦) شەشی ئایلتس و بەرامبەرەکانی ، بە پێچەوانەوە تاوتوێکردنی تێزەکەی ئەنجام نادرێت تا جێبەجێکردنی ئەم مەرجە لە ماوەی یاسایی خوێندنی دکتۆراکەی .

تێبینی/

أ- سەبارەت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ستانداردی توانستی زمانی ئینگلیزی وەك ( TOEFL ، IELTS) لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و شارەکانی دیکەی عێراق ، پێویستە ئەو سێنتەرەی تاقیکردنەوەی لێ ئەنجام دەدرێت لقێك بێت لە لقەکانی بنکەی سەرەکی تاقیکردنەوەی (IELTS و TOEFL) و بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت پشت بە وێب سایتی فەرمی (IELTS و TOEFL) ببەسترێت و تیایدا ئاماژە درابێت کە لقی ئەو سێنتەرە لەو شارە هەبێت کە پێشکەشکار تاقیکردنەوەی لێ ئەنجام داوە.

ب- بڕوانامەی سێنتەری زمانی ئینگلیزی لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمدا بۆ ئەوانەی خولیان بینیوە،بەمەرجێك ماوەی خولەکە لە (١٦٠) کاتژمێر کەمتر نەبووبێت و لە خولەکەدا دەرچووبێت،ماوەی پەیوەست بە بڕوانامەی سەنتەری زمانی ئینگلیزی زانکۆ حکومییەکان لە

(٢٠١١/١/١)ـەوە بۆ ماوەی (٤) چوار ساڵ بە دواوە ئەژمار دەکرێت، هەروەها سەبارەت بە تاقیکردنەوەی ئەلیکترۆنی پێویستە ماوەکەی بەسەر نەچوویێت و بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ ( لەسەر بنەمای ڕێکەوتی تاقیکردنەوە ) ئەژمار دەکرێت.

ج- ئەو پێشکەشکارانەی هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس و ماستەرن لە پسپۆری ئینگلیزی و وەرگێران) پێویستە تاقیکردنەوەی توانستی زمانی ئینگلیزی ئەنجام بدەن و هەمان ئاست بەدەست بهێنن کە لە خاڵەکانی سەرەوە ئاماژەی پێکراوە.

د- بۆ خولی یەکەمی خوێندنی دکتۆرا ( کە ئەم ساڵ یان ساڵی داهاتوو دەکرێتەوە ) ئەنجامی کۆرسەکانی خوێندن لە سێنتەرەکانی زمانی ئینگلیزی کە لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان دەخوێندرێن ئەژمار دەکرێت، بەڵام بۆ خولەکانی داهاتوو پێویستە پێشکەشکار بۆ خوێندنی دکتۆرا تاقیکردنەوەی ئایلتس یان هاوتاکەی لە تاقیکردنەوە ستاندەردەکانی جیهانی کە باوەڕپێکراوە لەلایەن وەزارەتمان ئەنجام بدەن، وە مەرجی پێشکەشکردن بۆ بواری (زانستە مرۆڤایەتیەکان) (٥) پێنچی تاقیکردنەوەی ئایلتس یان هاوتاکەی بە دەست بهێنن و بۆ بواری (زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکی و پزیشکیەکان) (٦) شەشی ئایلتس یان هاوتاکەی لە تاقیکردنەوەی ستاندەردەکانی دیکە بەدەست بهێنن.

٣- مەرجی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی:

أ- تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە (١٠٠٪)ئەنجامدەدرێت و مەرجە خوازیار دەربچێت لەم تاقیکردنەوەیە (واتە ٥٠ نمرە لە ١٠٠ نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە بە دەست بهێنێت)، پێویستە (٥٠٪) پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە پسپۆری گشتی و (٥٠٪) ی تری پرسیارەکان لە پسپۆری ووردی بوارەکەی بێت

ب- ئەگەر کورسی بەتاڵ مایەوە پڕ ناکرێتەوە، هەروەها هیچ زانکۆیەك بۆی نییە کورسی خوێندن زیاد بکات بۆ پلانی پەسەندکراو لەلایەن وەزارەتەوە .

تێبینی/ پێویستە لەگەڵ پێشکەشکردنی پرسیاری تاقیکردنەوەکانی توانستی زانستیدا وەڵامی نمونەیی پرسیارەکان پێشکەش بکرێت.

٤- مەرجی تەمەن :

أ- میچی تەمەن مەرجە بۆ پێشکەشکردن، بەڵام هیچ خاڵی بۆ تەرخان ناکرێت، واتە نابێت تەمەنی خوازیار لە (٥٥) پەنجاو پێنچ ساڵ (لەسەر بنەمای ساڵی لەدایکبوون) زیاتر بێت بۆ مامۆستایانی

زانکۆ و کارمەندانی وەزارەتی خوێندنی باڵا لە کاتی پێشکەشکردندا. سەبارەت بە پێشکەشکارانی دەرەوەی دامودەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا خوێندنەکەیان بە شێوازی پارالێل دەبێت .

ب- بۆ ئەم خولەی خوێندنی دکتۆرا دەکرێت ئەو مامۆستا و کارمەندانەی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵان و تەمەنیان زۆرترە لە (٥٥) پەنجاو پێنج ساڵ بچنە پێشبڕکێ بە هەمان پێوەرەکان بەسیستمی پاراڵێل.

٥- مەرجی ساڵانی خزمەت:

بوونی دوو ساڵی خزمەتی فعلی دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر تا رێکەوتی دوایین رۆژی پێشکەشکردن مەرجە بۆ چوونە پێشبڕکێ. بۆیە هیچ خاڵ تەرخان ناکرێت بۆ ئەو پێشکەشکارەی کە دوای تەواوکردنی خوێندنی ماستەر تەنها (٢) دوو ساڵ خزمەتی هەیە، بەڵام بە زیادبوونی هەر ساڵێکی خزمەت ئەوا (١) یەك خاڵی بۆ زیاد دەکرێت، بە مەرجێك لە (١٠) دە خاڵ زیاتر نەبێت.

٦- بڵاوکراوەی زانستی:

بۆ هەر توێژینەوەیەکی بڵاوکراوە یان پەسەندکراو بۆ بڵاوکردنەوە لە گۆڤارێکی زانستی بڕواپێکراو (معتمد یان محكم) (٥) پێنج خاڵ بە پێشکەشکار دەدرێت بە مەرجێك دوای بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەرەکەی بێت و لە نامەی ماستەرەکەی هەڵێنجراو (مستل) نەبێت.

٧- هەگبەی مامۆستا و زانستخوازی بەردەوام:

نمرەی دوایین ساڵی خوێندن لە هەگبەی مامۆستا دەبێتە پێوەر کە بریتییە لە نمرەی دڵنیایی جۆری ونمرەی زانستخوازی بەردەوام بۆ وەرگرتنی خاڵ ( بۆ نمونە ئەگەر خوازیار (٤) چوار نمرەی لە هەگبەی مامۆستا هەبێت ئەوا (٤) چوار خاڵی پێ دەدرێت) . هەروەها سەبارەت بە زانستخوازی بەردەوام هەمان شێوە پەیڕەو دەکرێت.

تێبینی/ کۆی خاڵەکان بۆ ئەو پێوەرانەی سەرەوە دەبێتە کۆی خاڵەکانی خوازیاران و ڕیزبەندی خاڵەکانی پێشبڕکێ .

دووەم: سەبارەت بەو پێشکەشکارانەی کە دانیشتووی شارەکانی دیکەی عێراقن یاخود هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی نین:

١- هاوڵاتی عێراقی لە دەرەوەی هەرێم مافی پێشکەشکردنی هەیە بۆ خوێندنی دکتۆرا بە سیستمی پاراڵێل

٢- سەبارەت بەو خوازیارانەی کە دانیشتووی دەرەوەی عێراقن (واتە هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی نین) مافی پێشکەش کردنیان هەیە بە سیستمی پاراڵێل .

سێیەم: پرۆسەی بەڕێوەچوونی خوێندنی دکتۆرا:

١- پێویستە زانکۆکان پلانی خوێندنی دکتۆرا ئامادە بکەن لەو بەشانەی کە خوێندنی دکتۆرایان تێدا کراوەتەوە بە سیستەمی کۆن و ئێستاش پێداویستی بەردەوامیان هەیە ، واتە بەپێی بوونی مامۆستای پسپۆر بە پلەی زانستی پێویست بەپێی رێنماییەکان و بوونی پێداویستیە زانستییەکانی دیکە بۆ خوێندنی دکتۆرا ( وەکو مەرجی بوونی (١) یەك پرۆفیسۆر و (٣) سێ پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەش و..هتد).

٢- ناونیشان و پرۆپۆزەڵێکی سەرەتایی (أولی) بۆ خوێندنی دکتۆرا لەلایەن ئەو مامۆستایانەی مەرجی سەرپەرشتیکردنیان هەیە پێشکەش دەکرێت ، مەرج نییە لەم سیستەمەدا سەرپەرشتیاری دەرەکی هەبێت ، لە قۆناغی پێشکەشکردندا تەنها ناونیشانی توێژینەوەکان و پرۆپۆزەڵە سەرەتاییەکان رادەگەیەنرێت ، دوای وەرگرتنی قوتابی/ خوێندکار وردەکاری پرۆپۆزەڵەکان بە هەماهەنگی لە نێوان سەرپەرشتیار و قوتابی/ خوێندکار ئامادەدەکرێن.

٣- دەکرێت لە ماوەی خوێندنەکەیدا قوتابی/ خوێندکاری بەشە زانستیەکان و بەشە مرۆڤایەتییەکان (٣) سێ تا (٦) شەش مانگ بچێتە دەرەوەی وڵات بەپێی رەزامەندییەکی فەرمی لە نێوان سەرپەرشتیار و زانکۆکەی دەرەوە ، بە مەبەستی ئاشنابوون بە سیستمی ئەو جۆرە خوێندنە و ئەنجامدانی بەشێك لە توێژینەوەکەی لەو زانکۆیە، لێرەدا چوونە دەرەوەی قوتابی/ خوێندکاری دکتۆرا بەپێی سیستەمی (Sabbatical Leave) دەبێت و چوونە دەرەوە بۆ سەرپەرشتیار بە شێوازی شاندکردن (إیفاد) دەبێت بە مەرجێك لە مانگێك تێپەر نەکات. واتە ئەم برگەیە بە شێوەی (جواز) جێبەجێ دەکرێت و دەکرێ قوتابی/خوێندکار و سەرپەرشتیار نەچنە دەرەوەی وڵات.

تێبینی/لە حاڵەتێکدا ئەگەر قوتابی/خوێندکار پێویستی بە چوونە دەرەوە بۆ زانکۆی دەرەکی نەبوو, ئەوا سەرپەرشتیاریش پێویست ناکات بچێتە دەرەوەی وڵات.

٤- ماوەی خوێندنی دکتۆرا لەم سیستمەدا بریتییە لە (٣) سێ ساڵ ، لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی کۆلێژە کە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری یەکەم درێژی بکاتەوە و لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆیە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری دووەم درێژی بکاتەوە، لە کاتی پێویستدا بە رەزامەندی وەزارەت دەکرێت بۆ ساڵی پێنجەم درێژ بکرێتەوە.

٥- دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی مافی ئەوەی هەیە لە رێگای زانکۆکانەوە پرۆپۆزەڵ پێشکەش بکات.

**چوارەم : پێداویستییە زانستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا:**

١- وەرگرتنی کۆرسەکان: پێویستە کاندیدی دکتۆرا لە وەرزی یەکەمی خوێندنەکەیدا کۆرسەکانی خوێندنی دکتۆرا (لە نێوان ١٢ تا ١٥یەکە) وەربگرێت کە بریتی دەبێ لە کۆرسی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە و پسپۆری وردی خوێندنەکە، کە لە لایەن سەرپەرشتیار و بەشی زانستی دەستنیشان دەکرێت.

مەرجە قوتابی/ خوێندکار لە تاقیکردنەوەی کۆرسەکان دا نمرەکەی لە (٦٠%) کەمتر نەبێت لە هەر یەك لەو بابەتانە و لە کۆتایی کۆرسەکاندا تێکرای کۆنمرە (معدل)ی لە (٧٠%) کەمتر نەبێت.

٢- قوتابی/خوێندکاری دکتۆرا لە بواری (زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکییەکان و زانستە پزیشکیەکان) و لە بواری (زانستە مرۆڤایەتییەکان)، مەرجە پێش تاوتوێکردنی تێزەکەی (٢) دوو توێژینەوەی زانستی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆراکەی لە گۆڤارێکی زانستی نێودەوڵەتی کە فاکتەری کاریگەری (Impact Factor) هەبێت بە پێی تومسن رۆیتەر بڵاوبکاتەوە.

٣- پێویستە تێزی دکتۆرا بەشدارییەکی ڕەسەن بێت لە بەرهەمهێنانی مەعریفە لە بوارەکەیدا و هەڵسەنگاندنیش بریتی دەبێت لە گفتوگۆی زانستی تێزەکە لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە، بەپێی ڕێنماییەکانی گفتوگۆی زانستی تێزی دکتۆرا (٤٥ تا ٥٠ یەکەیە) ، واتە نابێت ژمارەی یەکەکانی دکتۆرا لە (٦٠) شەست یەکە کەمتر بێت .

**پێنجەم : تێبینییە گشتییەکان :**

١- پێویستە پێشکەشکار بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەری لەیەك پسپۆڕی بێت .

٢- هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و دەرەوەی دامودەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەتوانن داواکاری بۆ ئەم سیستمە پێشکەش بکەن .

٣- وەرگیراوانی تواناسازی مرۆیی یان بە شێوەی نێردراوان (بعثات) یان (زمالات) ، کاتێك بۆیان هەیە داخوازی پێشکەش بکەن، ئەگەر هاتوو ( نووسراوی فەرمی پەسەندکراوی وەزارەتی خوێندنی باڵا/ فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندییە رۆشنبیرییەکان ) یان پێدرا کەوا پاشگەزبوونەوەیان لەم بەرنامەیە و ئەم جۆرە خوێندنانە بسەلمێنێ.

٤- ئەو کاندیدانەی بە پێی پرۆگرامی تواناسازی مرۆیی نێردراوان بۆ دەرەوە و یان بە هەر شێوازێکی تر وەکو(بعثات) و (زمالات) لە ئێستادا گەڕاونەتەوە و خوێندنیان تەواو نەکردووە بە هۆکاری جیا جیا، مافی پێشکەشکردنیان نییە تا تێپەربوونی (٣) سێ ساڵ بەسەر گەڕانەوەیان .

٥- هیچ مامەڵەیەکی پێشکەشکردن وەرناگیرێت ، ئەگەر سەرجەم دۆکیومێنتەکان تەواو نەبن تا دوایین رۆژی پێشکەشکردن ، بە پێچەوانەوە خوازیار مافی بەشداربوونی لە تاقیکردنەوەی توانستی

زانستی نابێت ، فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆك زانکۆکان بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا بەرپرسیارن لە وردبینی کردنی دۆکیومێنتەکان.

**شەشەم: لایەنی دارایی**

١- بۆ ئەو کاندیدانەی لەسەر میلاکی زانکۆکان و دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵان گشت تێچووی پرۆژەکە لە ئەستۆی ئەو زانکۆیە دەبێت کە خوێندنی دکتۆراکەی کردۆتەوە. لە حاڵەتی تەرخانکردنی کورسی بۆ زانکۆ تازەکان، ئەگەر قوتابی/خوێندکاری دکتۆرا لەسەر میلاکی زانکۆ نوێیەکان وەرگیرا، ئەوا تێچووی خوێندنەکە (وەکو پاداشتی لیژنەی تاوتوێکردن و سەرپەرشتیار+ خەرجی چاپکردن و خەرجی توێژینەوەکە) لە ئەستۆی زانکۆی سوودمەند دەبێت.

٢- ئەو کاندیدانەی لە دەرەوەی میلاکی دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵان تەواوی بوودجەی خوێندنی دکتۆراکەیان لە ئەستۆی وەزارەتەکانی خۆیان دەبێت، بۆیە پێویستە لە کاتی بەدەستهێنانی نوسراوی لاری نەبوونی وەزارەتەکەی ئاماژە بە ڕەزامەندی لەسەر خەرجکردنی تێچووی خوێندنەکە بدرێت. بە پێچەوانەوە تەواوی بوودجەی خوێندنەکە لە ئەستۆی قوتابی/خوێندکار خۆی بەشێوەی پارالێل دەبێت.

٣- هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر کە لە هیچ فەرمانگە و دەزگایەکی حکومی دانەمەزراون، بۆیان هەیە داواکاری پێشکەش بکەن بە شێوازی پارالێل.

**تێبینی/**

١- ئەم خولە (وجبە)ەیەی خوێندنی دکتۆرا (کە ئەم ساڵ یان ساڵی داهاتوو دەکرێتەوە) تەنها بۆ مامۆستایان و کارمەندانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرخان دەکرێت ، بەڵام بۆ خولەکانی تر بە شێوەی هاتوو لەم ڕێنماییە دەبێت.

٢- دوای پەسەندکردنی پلانی خوێندنی باڵا/دکتۆرای زانکۆکان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییەوە، زانکۆکان ئازادن بۆ ڕاگەیاندن و دەستپێکردن بە پڕۆسەی وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکارانی دکتۆرا.

٣- وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران لە بۆردی کوردستانی بۆ پسپۆریە پزیشکیەکان ( کە هاوتایە بە بڕوانامەی دکتۆرا ) بە پێی ئەو ڕێنماییانە دەبێت کە لە لایەن ئەنجومەنی بۆردەوە پێشنیاز کراوە و لەلایەن وەزارەتەوە پەسەند کراوە.

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت.

د. یوسف گۆران

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی